Archive of SID

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

***پژوهشنامه ادبیات کردی***
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

# شی‌کردنەوەی درکە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

جەعفەر قارەمانی[۱]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۱۷ مرداد ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۷ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۳۳-۱٤٦
**DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.507**

**پوختە**

شیعر و پەخشان وەک هەموو هونەرەکانی دیکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگی خۆیان پێویستیان بە چەند کەرەستەیەک هەیە؛ یەکێک لەم کەرەستانە، درکەیە. هەر لە کۆنەوە پسپۆڕانی ئەدەبی ئاماژەیان بە کارتێکەریی درکە لەسەر شێوازی ئاخافتنی ئاسایی و شیعر کردووە و وەک شێوازێکی دەربڕینی ئەدەبی پێناسەیان کردووە. لەم وتارەدا، درکە و جۆرەکانی لە شیعری کلاسیکدا بە شێوازێکی نوێ شرۆڤە کراوە. درکە، وشە، دەستەوشە، یان ڕستەیەکە بێژەر بە شێوازێک بەکاری دێنێت کە مەبەست لە دەربڕینی، واتای نهێنییە. زۆرێک لە واتاکان ڕەنگە ئەگەر بە شێوازی ئاسایی دەربڕدرێن؛ زۆر کارتێکەر نەبن. درکە واتاکان بە شێوازی هونەری دەگەیەنێت و ئەم تایبەتمەندییەش بێ‌گومان لە زانستی ڕەوانبێژییەوە سەرچاوە دەگرێت. شوێنی سەرهەڵدانی درکە، ئاخافتنی ئاسایی خەڵکە و لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی کۆمەڵگادا ڕۆڵی بووە و لە کات و شوێنی تایبەتدا بۆ گەیاندن و ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار هاتووە. درکە ئاوێنەی فەرهەنگە و ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی دەردەخات؛ لای هەموو ئاخێوەرانی زمانی دایکی بەکار هاتووە، واتە مۆری کۆمەڵی پێوەیە و مانەوە و نەمانەوەی پەیوەندی بە بڕیاری کۆمەڵەوە هەیە. لە ڕووی دەروونییەوە درکە کارتێکەریی بەهێزی لەسەر ئاخێوەرانی هەر نەتەوەیەک هەیە؛ جاری وایە هاندەرە و جاری واشە هیوابەخش و ساڕێژکەری ئازارە دەروونییەکانە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە جیاوازیی درکە و ڕازەکانی خواستن، خوازە و پەند تاوتوێ بکرێت و پاشان لایەنی جوانیناسی درکە لە شیعری کلاسیکدا شرۆڤە بکرێت. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی وەسفی–شیکارانە درکە و جۆرەکانی لە شیعری کلاسیکدا تاوتوێ کردووە. هەوێنی سەرەکی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم پرسیارانە بووە: هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی درکە لە ئەدەبیاتدا چییە؟ بۆچی بێژەر ناڕاستەوخۆ وتەکانی دەردەبڕێت؟

**وشەگەلی سەرەکی:** زمانی شیعری؛ ڕەوانبێژیی ئەدەبی؛ وێنەی شیعری؛ درکە.

**چکیده**

شعر و نثر به سان دیگر هنرها جهت ارتباط با مخاطب نیازمند به‌کارگیری ابزارهایی هستند. یکی از این ابزارهای ادبی، کنایه است. علمای متقدم بلاغت در مورد اهمیت کنایه و تأثیر آن در ایراد معانی و انتقال پیام به روش غیرمستقیم سخن گفته‌اند. در این پژوهش تلاش شده کنایه و گونه‌هایش در شعر کلاسیک کردی با روشی نو بررسی و دلیل آفرینش آن در دنیای ادبی واکاوی و جنبه‌های زیبایی‌شناسی آن بررسی شود. کنایه کلمه، عبارت، یا جمله‌ای است که گوینده به گونه‌ای به کار می‌برد نه هدف از ایراد آن، پوشیده سخن گفتن است. بسیاری از معانی اگر به گونه‌ای عادی بیان شوند، شاید بسیار تأثیرگذار نباشند. کنایه، معانی را به روشی هنری بیان می‌کند و از علم بلاغت سرچشمه می‌گیرد. نتیجه تحلیل و بررسی‌های این پژوهش حاکی از آن است که خاستگاه کنایه سخن گفتن عادی مردم است و در زمان و مکان‌های ویژه برای انتقال پیام و آگاه کردن با هدف‌هایی متفاوت بیان شده است؛ آیینه تمام‌نمای جامعه و بیان کننده سطح روشنفکری است. کنایه در میان تمامی گویندگان زبان مادری نقش داشته است؛ ممهور از جامعه است و ماندگاری یا زوالش بستگی به تصمیم افراد جامعه دارد. این پژوهش بـه روش تحلیلی- توصیفـی، کنایه و گونه‌هایش را در شعر کلاسیک کردی بررسی کرده است و با این پرسش‌ها به بررسی کنایه می‌پردازد: دلیل اصلی بهره‌گیری از کنایه در ادبیات چیست؟ چرا شاعر، یا نویسنده معانی را غیرمستقیم بیان می‌کند؟

**واژگان کلیدی:** زبان شعری؛ بلاغت ادبی؛ تصویر شعری؛ کنایه.

۱. کارشناسی ارشد زبان و ادبیات فارسی، آموزش و پرورش آذربایجان غربی، بوکان، ایران
ghahjefer@gmail.com

www.SID.ir

Archive of SID

## ١ـ پێشەکی

ڕازاندنەوەی وتە هەر لە کۆنەوە جێی سەرنجی شاعیران و نووسەرانی هەر نەتەوەیەک بووە. شاعیر، یان نووسەر زیاتر هەوڵ دەدات وتەیەکی ڕەوان، پاراو و دوور لە هەر جۆرە دژواری و کەموکووڕی ئاراستە بکات؛ جا چ بە شێوازی شیعر بێت، یان پەخشان. کاتێک زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی نەتەوەیەک لەگەڵ زمانی شاعیرانیان بەراورد دەکەین، بەو ئەنجامە دەگەین، لە ڕوانگەی شاعیراندا دونیا و دیاردەکانی جارێکی دیکە خوڵقاونەتەوە و بە ناوی نوێ ناودێر کراون؛ بۆیە وەختێک دەقێکی ئەدەبی، یان دێڕێکی شیعری دەخوێنینەوە ئەوەندە لە ناوەکاندا هەست بە جیاوازی دەکەین، وەدەزانین بە هەڵەدا چووین. جیاوازییەکان تەنیا لە ناوەکاندا نییە؛ بەڵکوو پەیوەندی و پێگە و کردەوەکانیش بە شێوازێکی تر و جیاواز لە باری ئاسایی وێنا کراون. شاعیر، دونیا و سروشتی دەڤەری ژیانی بە چەشنێکی تر و جیاواز لە ڕوانینی مرۆڤەکانی تر دەبینێت و فامی دەکات؛ بۆیە دونیایەکی زەینی و دەروونی و زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بێ گومان جیاوازیی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاخافتن بەهۆی وشە و زاراوە و دەستەوشەکانەوە نییە کە لە زمانی ئاخافتن، یان خود لە زمانی شیعریدا بەکار دەهێنرێن؛ بەڵکوو بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لەناو دێڕەکاندا دەگەڕێتەوە. زمان لە بەستێنی شیعردا و لە جەستەی دەقێکی شیعری بە ئیلهامێکی سیحراوی دەردەکەوێت. زمانی ئەدەبی بە هەر شێوازێک بێت، لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕەوانتر، جوانتر و کاریگەرترە، ئەو جیاوازییە یەکەم بەهۆی ڕەنگدانەوەی سۆز و ڕازەکانی ڕەوانبێژیی ئەدەبییە و دووهەم بەهۆی بەدیهاتنی وێنەی شیعرییە کە هەست و جوانی بە زمان دەبەخشێت و تێکەڵاوی زمان دەبێت (پورنامداریان، ۱۳۸۱: ۲۰).

ڕەوانبێژی بریتییە لە وتەی جوان، ڕەوان و کاریگەر کە لەگەڵ بارودۆخی گوێگر، یان خوێنەر بگونجێت، بۆ ئەوەی مەبەست بە ڕوونی بە خوێنەر بگات و چێژی پێ‌ببەخشێت. زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی لەو هونەر و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە هۆی ڕەوانی، جوانی و کاریگەریی وتە و پاراستنی لە لێڵی و شێواوییە. زانایانی ئەدەبی بە کۆی سێ زانستی *واتاناسی*، *ڕوونبێژی* و *جوانکاری*، ڕەوانبێژیی ئەدەبی دەڵێن. ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم زانستە وەک زۆربەی زانستەکانی تر وڵاتی یۆنانە. ئەرەستوو بە نووسینی دوو کتێبی *الخطابە* و *فن‌الشعر* بناغەی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی دارشت و سەلماندی نەتەنیا لە داهێنانی فەلسەفەدا، بەڵکوو لە پێناسەکردنی زانستی ڕەوانبێژیش پێشەنگە. وەرگێڕانی دوو کتێبی *الخطابە* و *فن الشعر* لە زمانی سوریانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی سەرەتای ناساندنی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە ئەدەبیاتی عەرەبی و تەنانەت ئەدەبیاتی فارسیش (شیعری کلاسیک) بووە.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بە قەڵەمی نووسەرانێکی وەک ئەبووعوبەیدە موعەمەری کوڕی موسەننا (۱۱۰- ۲۰۹ ک)، عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز (٢٤٧-٢٩٦ ک)، جاحیز بەسری (١٦٠- ٢٥٥ ک)، ئیبنی قوتەیبە (٢٣٣- ٢٧٦ ک)، عەبدولقاهیر جورجانی (٤٠٥-٤٧٤ ک) و هتد، ڕەوانبێژیی ئەدەبی وەک زانستێکی ئەدەبی سەربەخۆ ناسرا. بەشێک لە توێژەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە جورجانی داهێنەری زانستی «*واتاناسی و ڕوونبێژی*»یە؛ بەڵام بۆچوونی بەناوبانگتر ئەوەیەکە جورجانی بە نووسینی کتێبی *دلائل الاعجاز*، زانستی واتاناسیی بەئەنجام گەیاند و پاشان لە کتێبی *اسرار البلاغەدا*، تیۆریی زانستی ڕوونبێژیی کامڵ کرد. دوای جورجانی زەمەخشەری لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز تەنیا بە بەهرەوەرگرتن لە زانستی واتاناسی و ڕوونبێژی، دەکرێ لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. زەمەخشەری دوو زاراوەی واتاناسی و ڕوونبێژی بۆ دوو بەشی جیاوازی زانستی ڕەوانبێژی بەکار هێنا و بە شێوازێکی سەربەخۆ بابەتەکانی ئەم دوو زانستەی لێک جیا کردەوە و سنووری زانستیی بۆ هەرکام دیاری کرد. پاشان سەککاکی کۆچکردووی (٦٢٦ ک) بە بەهرەوەرگرتن لە بەرهەمەکانی جورجانی و زەمەخشەری لە کتێبی *مفتاح العلومدا* زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بەسەر سێ بەشی واتاناسی، ڕوونبێژی و جوانکاری‌دا دابەش کرد (علوی مقدم و اشرفزاده، ۱۳۸٦: ۱۳).

www.SID.ir

Archive of SID

لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبیدا، توێژینەوەکان بە شێوازێکی ڕێک‌وپێک نەبووە و زانایان وێڕای لێکدانەوەی ئیعجازی قورئانی پیرۆز بەشێکیشیان بۆ ڕەوانبێژیی قورئان تەرخان دەکرد و لەم بەشەدا ڕوانگەی خۆیان ئاراستە دەکرد؛ بۆ نموونە، جاحیز لە کتێبی *اعجازالقرآن*، موبەرڕەد لە *الکامل* و هتد، ئەم شێوازەیان درێژە پێدا. ئەو جۆرە توێژینەوانە بوونە بنەمایەک بۆ نووسەری ناسراوی ئەم ڕێبازە، عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز (۲۹٦ ک) تا یەکەم کتێبی جوانکاری بە ناوی *البدیع* بنووسێت. لەم کتێبەدا حەڤدە ڕازەی جوانکاریی تاوتوێ کردووە. لە ئەدەبیاتی فارسیدا نووسەرانێکی وەک محەممەدی کوڕی عومەر ڕادوویانی، ڕەشید وەتوات، شەمس قەیس ڕازی، حوسێنی کوڕی محەممەد شا، سەلمان ساوەجی، هومایی و هتد، زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبییان بە شێوازێکی نوێ پێناسە و شرۆڤە کرد.

زانایان و شاعیرانی کورد هاودەنگ لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی دونیای ئەدەبی، هەستیان بە بایەخی ئەدەبی زانستی ڕەوانبێژی کرد؛ بۆیە ئەم زانستە زۆر بەهێز لە ئەدەبیاتی کوردی، بەتایبەت لە بەشی شیعری کلاسیکدا ڕەنگی داوە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیوانی شاعیرانی ناسراوی وەک نالی، مەحوی، سالم، کوردی، ئەدەب، حاجی قادر و هتد، دەوڵەمەندیی شیعری کوردی و شارەزایی شاعیرانی کورد لەسەر زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی دەسەلمێنێت. وەک لە دەستپێکی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێ‌کرا، مەبەستی سەرەکی لە داهێنانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، سەرەتا لێکدانەوەی ڕەمزی ئیعجازی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بووە. زەمەخشەری (٤٦٧-٥٣٨ ک.) لە پێشەکی بەشی یەکەمی کتێبی *تفسیر کشاف‌دا* لەسەر گرنگی دوو زانستی *ڕوونبێژی* و *واتاناسی* جەخت دەکاتەوە و دەڵێت: «زانای ئایینی لە لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەرکەوتوو نابێت؛ مەگەر ئەوەی کەڵک لە زانستی ڕوونبێژی و واتاناسی وەرگرێت؛ بۆ نموونە، لە ئایەتی «وَاعتَصِمُوا بِحَبلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا»[۱] ئەگەر نەزانین لەم ئایەتەدا «حبل الله» خواستنە، ڕەنگە تووشی هەڵە بین و واتای سەرەکیمان بۆ ڕوون نەبێتەوە».

شاعیران بۆ دەربڕینی هزری خۆیان و زۆرجار بۆ ئافراندنی وێنەیەکی زەینی و خەیاڵی کەڵک لە ڕازەکانی وەک: شوبهاندن، خواستن، خوازە و درکە وەردەگرن. بابەتێک کە بە سوودوەرگرتن لەم ڕازانە دەربڕابێت، زۆر کاریگەرتر لە شێوازی ئاسایی دەربڕینە؛ بۆ نموونە، وتەیەک کە بۆ گەیاندنی پەیامێک چەند لاپەڕەی پێویستە، دەکرێت بە کەڵک‌وەرگرتن لە ڕازەیەکی ڕوونبێژی، یان جوانکاری بە کەمترین وشە، یان دەستەوشە و لە کەمترین کاتدا پەیامی سەرەکی بگەیەنرێت. وردەوردە ڕەوانبێژیی ئەدەبی وەک زانستێکی ئەدەبیی سەربەخۆ و بە مەبەستی جیاواز و ڕوانینێکی نوێ لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا خاوەن پێگەی تایبەت بە خۆی بوو. هەر زانستێک بۆ لێکدانەوە، شێواز و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە؛ بۆ نموونە، بابەتەکانی زانستی کیمیا لە ئەزموونگە بە تاقی‌کردنەوە دەسەلمێنرێن، یان ڕەت دەکرێنەوە. بابەتی «زمان»یش وەکوو هەموو زانستەکانی دیکە پێویستی بە ئەزموونگەی تایبەت بە خۆی هەیە. بە زانستێک ڕاستی و دروستیی وتە شرۆڤە دەکات، «ڕێزمان» دەڵێن. ڕێزمان، ئەزموونگەی زمانە. دوای ئەوەی وتە لە ئەزموونگەی زماندا مەرجی ڕاستبوونی سەلمێنرا، ئەوکات دەبێت لە قۆناغی پاراوی و ڕەوانیش مەرجی دروستبوونی هەبێت. بەم پێیە دەکرێت زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی بە ئەزموونگەی بەشێک لە پاراوی و ڕەوانیی شیعری کلاسیک پێناسە بکرێت (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲-۱۳).

ڕوونبێژی بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە بە سوودوەرگرتن لەم یاسایانە دەکرێت یەک واتا بە شێوازی جیاواز دەرببڕدرێت، بەو مەرجەی ئەو شێوازانە لە ڕێژەی ڕوونی و ناڕوونی لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەبێت و ئەو جیاوازییە تەنیا لەسەر بنەمای خەیاڵ بێت (علوی مقدم و اشرفزادە، ۱۳۸٦: ۸۵). زانستی ڕوونبێژی تایبەت بە زمان و نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە؛ شوبهاندن و خوازە بە چ شێوەیەک لە شیعری فارسی، یان عەرەبیدا واتای هەیە، هەر بەو جۆرەش لە شیعری نەتەوەکانی تردا واتای هەیە (شمیسا، ۱۳۸۷: ۳۷-۳۸). زانستی ڕوونبێژی پەیوەندی بە واتاوە هەیە و پوختی و ناپوختی و پلەی داهێنەری بەرهەمەکانی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت.

---

۱. آل‌عمران / ۱۰۳.

www.SID.ir

Archive of SID

هەر وەک ئاماژە کرا، زانستی ڕوونبێژی بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە بە کاریگەریی ئەو یاسایانە دەکرێت یەک واتا بە چەند شێوازی جۆراوجۆر دەرببڕدرێت؛ بۆ نموونە، لەو ڕستەیەدا: «باران دەبارێ»، لە زانستی ڕوونبێژیدا دەکرێت بە چەند جۆری جیاواز دەرببڕدرێت و بنووسرێت کە لە بابەت ڕوونی و ناڕوونیی دەلالەتەوە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەبێت؛ وەک: «چاوی هەور دەگری». ئەم ڕستەیە هەر واتای ڕستەکەی پێشووی هەیە، واتە «باران دەبارێ»؛ بەو جیاوازییەوە کە لەم ڕستەیەدا کەڵک لە ڕازەی خواستن بۆ گەیاندنی پەیامی سەرەکی وەرگیراوە. یان لەم ڕستەیەدا: «مرواری باران لە چاوی هەور دەتکێ»، دیسان واتای ڕستەکەی سەرەتا «باران دەبارێ» بە بەهرەوەرگرتن لە ڕازەکانی شوبهاندن و خواستن دەربڕاوە،؛ یان بەجێی ئەوەی بڵێین «زۆر جوانە»، دەتوانین بڵێین «دەڵێی مانگە»، یان «وەک گوڵە«. لە ڕوانگەی خەیاڵییەوە، لە نێوان واتای سەرەکیی ئەم دوو ڕستەیەدا جیاوازییەک نییە. هەر دوو ڕستە بە بەهرەوەرگرتن لە یەک ڕازە دەربڕاون و یەک واتاشیان هەیە (قارەمانی، ١٣٩٧: ١٣-١٤).

زانستی واتاناسی باس لە واتای دووهەمی وتە دەکات، واتە مەبەست لە واتا، واتای ڕواڵەتی وتە نییە؛ بەڵکوو واتای دووهەمی، یان خوازەییە. بێژەر بە بەهرەوەرگرتن لە واتای دووهەمی مەبەستی لە دەربڕینی وتە بە خوێنەر دەگەیەنێت. بە واتایەکی دیکە، دەکرێت ڕستەیەک دوو، یان چەند واتای هەبێت، یەکیان سەرەکی و ئەوانی تر ناسەرەکی بن؛ بەڵام مەبەستی بێژەر زیاتر ئەم واتایەیە شیاوی بارودۆخی ویستەکەیەتی. کەڵکی سەرەکیی زانستی واتاناسی، ناسیاوکردنی خوێنەر لەگەڵ هێزی زمانە، بۆ ئەوەی لە بارودۆخی جیاواز و گونجاودا بتوانێت کەڵک لەو هێزە وەربگرێت و وتەی کاریگەر بخوڵقێنێت. واتایەکی تاک دەکرێت بە چەند جۆری جیاوازی وەک کورتبڕی و درێژبڕی دەرببڕدرێت؛ ئەوەی تایبەت بە شێوازی ئەدەبییە، وێنەی شیعرییە، واتە شوبهاندن، خواستن، درکە و خوازە (شمیسا، ١٣٨٦: ٣١).

### ١ــ١ــ وێنەی شیعری

وێنە لە شیعردا جۆرێک ئافراندنی هونەرییە و شاعیر بە بەهرەوەرگرتن لە وێنەی شیعری بە شتەکانی دەڤەری ژیانی ڕەنگی ژیان دەبەخشێت و بە سوودوەرگرتن لەم وێنانە دونیایەکی نوێ دەخوڵقێنێت (زرین‌کوب، ١٣٦٧: ٧٤). وێنە، فۆرمێکە لە سروشت کە لە ئاوێنەی زەیندا شۆق دەداتەوە (زرین‌کوب، ١٣٦٤: ١٥٨). بە واتایەکی دیکە، وێنە تەوسیف، یان بەراوردێکی خەیاڵییە و هۆی ئافراندنی وێنەیەک لە زەینی خوێنەر، یان بیسەردا دەبێت. خەیاڵ، بە واتای جوانترکردنی دیمەنێکە لە دەربڕینی وێنەی ئەو سۆزە هەڵچووەی شاعیر لە ساتەکانی بینینی دیمەنێکی جوان، یان دزێو، تراژیدی، یان کۆمێدی لە ئەزموونی خۆیدا وێنای دەکات. لە هەموو دۆخێکدا خەیاڵ دیارە و هەست و سۆز دەجووڵێنێت (ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١٠: ٧٦). کەوایە، وێنە بریتییە لە چۆنیەتیی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شتێک لە ئاوەزی مرۆڤدا، یان وێنە، شێوازێکی تایبەتە ئاوەزی مرۆڤ بە کەڵک‌وەرگرتن لەو، شتێک بە خۆی ئاراستە دەکات. وێنە، یان خەیاڵ لە ڕاستیدا هێزی نواندنی جۆرێک دەربڕینی ناڕاستەقینەیە کە لە ڕوانگەی هونەریی شاعیر و لە سروشتی دەڤەرێکی تێیدا دەژی، سەرچاوە دەگرێت.

لە شیعری کوردیدا وێنەی شیعری وەکوو هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی شیعری، جێگەی سەرنج و تێڕامانە؛ چونکە شاعیرانی کورد لە تەواو قۆناغەکانی شیعریدا بایەخیان بەو لایەنە هونەرییەی شیعر داوە و بە وشە و ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی شوبهاندن، خواستن و خوازە تابلۆی دڵڕفێنیان کێشاوەتەوە؛ بە شێوازێک زۆرجار خوێنەر بە خوێندنەوەی شیعرێک وا هەست دەکات لە بەردەم تابلۆیەکی جواندا وەستاوە و نوقمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی قووڵ دەبێت. ئەو بابەتەش لە پلەی یەکەمدا بۆ لێهاتوویی شاعیر دەگەڕێتەوە کە چەندە توانیویەتی وشە لە خزمەتی دەق و دەقیش لە خزمەتی شیعری جوان دابنێت. بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە وێنەی شیعری هەیە؛ یەکەم، وێنەی وەسفی کە لە ڕێگەی وشە و دەربڕینی ڕاستەوخۆوە پێک‌دێت. دووهەم، وێنەی ڕەوانبێژی کە لە ڕێگەی ڕازەکانی ڕەوانبێژییەوە بەرهەم دێت (دەشتی، ٢٠٠٩: ١٢٥). وێنەی شیعری لە شیعری شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە؛ هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ سرشت و سروشتێکی شاعیر تێیدا دەژی و ڕازەکانی شیعری کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار هاتوون دەگەڕێتەوە.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۱ــ۲ــ پرسیارەکانی توێژینەوە

۱. هۆکاری سەرهەڵدانی درکە لە ئەدەبیاتدا چییە؟
۲. لە چ کات و ساتێکدا شاعیر و ئەدیبی کورد کەڵکیان لە درکە وەرگرتووە؟
۳. ئاخۆ ڕازەی درکە لە شیعردا لایەنی جوانیناسی بە شیعر دەبەخشێت؟
٤. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، درکە بە چەند جۆر خۆی نواندووە؟

### ۲ــ پێشینەی توێژینەوە

هەر وەک لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا باس کرا، ڕازەی درکە یەکێک لە ڕازە سەرەکییەکانی زانستی ڕوونبێژییە و لە ئەدەبیاتی کوردیدا چەند کتێب بە شێوازی پسپۆڕانە لەسەر زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی نووسراون و لێکدانەوەیان لەسەر ڕازەی درکە کردووە کە بریتین لە: ۱. *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەشی دووهەم، ڕوونبێژی*، عەزیز گەردی؛ ۲. *خۆشخوانی*، عەلائەدین سەجادی؛ ۳. *بەدیع و عەرووزی نامی*، مەلاعەبدولکەریم مودەڕڕیس؛ ٤. *جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا*، ئیدریس عەبدوڵڵا؛ ٥. *لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*، ئیدریس عەبدوڵڵا؛ ٦. *کۆمەڵێک پەند و ئیدیومی کوردی*، زەکیە ڕەشید محەممەد ئەمین؛ ۷. *بەیانی کوردی*، عەبدولخالق پەرهیزی؛ ۸. *ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، سەید ئەحمەد پارسا؛ ۹. *ڕوونبێژی*، جەعفەر قارەمانی؛ ۱۰. *ئیدیوم لە زمانی کوردیدا*، فەتاح مامە عەلی (نامەی دوکتۆرا)؛ ۱۱. *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*، عەلی جەلال مەحمود؛ ۱۲. *فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*، عەبدولوەهاب شێخانی؛ ۱۳. *زێوەری زمان، فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەکانی کوردی سۆرانی*، ئیبراهیم ئەحمەدی.

### ۳ــ درکە و پێناسەی لە ئەدەبی کوردیدا

سیرووس شەمیسا بۆ پێناسەی درکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شیعر و پەخشان وەک هەموو هونەرەکانی دیکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگی خۆیان پێویستیان بە چەند کەرەستەیەک هەیە. یەکێک لەم کەرەستانە، درکەیە. هەر لە کۆنەوە ئەدیبان و پسپۆڕانی ئەدەبی ئاماژەیان بە گرنگی و کارتێکەریی ڕازەی درکە لەسەر شێوازی ئاخافتنی ئاسایی و شیعردا کردووە و وەک شێوازێکی دەربڕینی ئەدەبی- هونەری پێناسەیان کردووە. درکە لە نێوان دوو تاکدا بەکار دێت و پاشان وردەوردە لەناو تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاشدا برەو پەیدا دەکات. لە کولتووری هەر نەتەوەیەکدا کۆمەڵێک درکەی تایبەت هەیە کە تێگەیشتن لە واتای ئەم درکانە پەیوەندی بە شارەزایی لەگەڵ کولتووری ئەو نەتەوەیە، یان بوونی زانیاری لەسەر بەستێن و هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو درکانەوە هەیە (شمیسا، ۱۳۸۷: ۲۸۵-۲۸٦).

بەکارهێنانی درکە، بە شاعیر ئەو دەرفەتە دەبەخشێت تا ئەو واتایەی لە زەینیدایە بە شێوازێکی کارتێکەر و جوان دەریببڕێت. سوودوەرگرتن لە درکە هۆی کورتکردنەوەی زمان لە شیعردایە. لە ڕازەی درکەدا ئەو بابەتەی دەردەبڕدرێت، دەبێ بە شێوازێک بێ کە خوێنەر بتوانێت لە واتای نزیکەوە بە واتای دوور بگات و واتای سەرەکی بۆ ڕوون بێتەوە؛ بۆ نموونە، کاتێک دەگوترێت «دەم تەڕ»، بە واتای کەسێکە زمانی لووس بێت و بە قسە خەڵک فریو بدات؛ نەک کەسێک دەمی تەڕ بێت. درکە جگە لە دەقە ئەدەبییەکان، لە زمانی ئاسایی ئاخێوەرانی هەر دەڤەرێکدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە و گرنگی و جوانیی تایبەتی هەیە. زۆرێک خولقی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاش بە شێوازی درکە دەردەبڕدرێن؛ بۆ نموونە، وەختێک کەسێک بە کەسێکی دیکە دەڵێت «تاو لە کام لاوە هەڵاتووە؟»، واتە چ ڕووی داوە بۆ دیتنی ئێمە هاتووی. ئەو واتایەی لە ڕێگەی درکەوە دیار دەکرێت، کاریگەرتر و ڕەوانترە لەو واتایەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت. سوودوەرگرتن لە درکە ئەو دەرفەتە بە بێژەر دەبەخشێت تا زۆر واتا کە لە باری ئاساییدا بە هۆی شەرم، ترس و دڵەڕاوکێ، یان هەر هۆیەکی دیکەوە شیاوی درکاندن نەبن، دەربڕدرێت.

www.SID.ir

Archive of SID

سوودوەرگرتن لە درکە ئەو دەرفەتە بە بێژەر دەبەخشێت تا زۆر واتا کە لە باری ئاساییدا بەهۆی شەرم، ترس و دڵەڕاوکێ، یان هەر هۆیەکی دیکەوە شیاوی درکاندن نەبن، دەرببڕدرێت. زۆرێک لە واتاکان ڕەنگە ئەگەر بە شێوازی ئاسایی دەرببڕدرێن، زۆر کارتێکەر نەبن. ڕازەی درکە واتاکان بە شێوازی ئەدەبی دەگەیەنێت و ئەم تایبەتمەندییەش بێ‌گومان لە زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبییەوە سەرچاوە دەگرێت. لە جۆرە ئەدەبییەکاندا درکە لە شیعر، پەخشان، مەتەڵ و پەندی پێشینیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بەکار هاتووە. بەشێک لە پەندی پێشینیان لەسەر بنەمای درکە دروست بوون؛ بۆ نموونە، «دەستی بە دەمی ناگات»، درکەیە لە تاکی نەدار و هەژار (قارەمانی، ١٣٩٨: ١١٩).

لە سەرچاوەکانی زانستی ڕوونبێژیدا، لە پێناسەی درکەدا هاتووە: وتەیەک دوو واتای هەبێت؛ یەکەم، واتای نزیک و دووهەم، واتای دوور. واتە، ئەگەر بێژەر ڕستەیەک وەها دەرببڕێت کە خوێنەر لە واتای نزیکەوە بە واتای دوور بگات، لەو بەشەدا لە ڕازەی درکە کەڵکی وەرگرتووە. بە واتایەکی دیکە، ڕستە، یان دەستەوشەیەک مەبەستی بێژەر یان شاعیر لە دەربڕینی، واتای ڕواڵەتی نییە و نیشانەیەک کە سەرنجی خوێنەر لە واتای ڕواڵەتییەوە بۆ واتای نهێنی ڕابکێشێت لە دێڕدا نەبێت؛ کەوایە، درکە یەکێک لە هەستیارترین بابەتەکانی زمانە و زۆرجار مەبەستی سەرەکی لە دەربڕینی درکە ڕوون نییە. بەم پێیە تەنیا ئەو تاکانەی دەسەڵاتێکی بەهێزیان بەسەر زمانێکدا هەبێت، دەتوانن لە واتای درکە تایبەتەکان تێبگەن. بەکورتی، درکە وشە، دەستەوشە، یان ڕستەیەکە بێژەر بە شێوازێک بەکاری دێنێت کە مەبەست لە دەربڕینی، واتای نهێنییە؛ کەوایە، واتای نزیک هێمایەکە بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینە لە دەربڕینی وشە، یان ڕستە (قارەمانی، ١٣٩٧: ١٢٠).

شێخی من بەو غایەتە پشتی لە عالەم کردووە      سوورەتی خۆشی لە نێو ئاوێنە پشتی تێ‌دەکا

(حاجی، ١٣٩٠: ٥٢)

لەم دێڕەدا، دەستەوشەی «پشت تێ‌کردن» دوو واتای هەیە؛ یەکەم، واتای نزیک کە بریتییە لە: ڕووهەڵگەڕاندنەوە و پشت لە کەسێک کردن؛ دووهەم، واتای دوور یان نهێنی کە بریتییە لە: دوورکەوتنەوە و خۆتێ‌نەگەیاندن لە تاکێک یان حەشیمەتێکی دیاریکراو.

خوێنی من بە گەردەنی زوڵفت بە ئیشارەی چاوەکانت      من ئەگەر شکاوە پشتم، من ئەگەر جگەربڕاوم

(وەفایی، ١٣٨٩: ١٢٩)

لەم دێڕەدا، «پشت شکان» دوو واتای هەیە؛ یەکەم، واتای نزیک یان ڕواڵەتی کە بریتییە لە: تووشی پشت شکان بوون؛ دووهەم، واتای نهێنی کە زیاتر مەبەستی بێژەر لە دەربڕین و درکەکە بریتییە لە: ١. تووشی بەڵا هاتن. ٢. هێز و دەسەڵات نەمان. ٣. زەرەر و خەسارێی گەورە لێ‌کەوتن (قارەمانی، ١٣٩٧: ١٢١).

درکە لە ڕووی دەروونییەوە کارتێکەریی زۆر بەهێزی لەسەر ئاخاوتنی ئاسایی ئاخێوەرانی هەر نەتەوەیەک هەیە؛ جاری وایە هاندەرە و جاری واشە هیوابەخش و ساڕێژکەری ئازارە دەروونییەکان، یان چارەسەری کێشەکانە (ئەحمەدی، ١٣٩٣: هەژدە). جێی ئاماژەیە لەو بەشەی کە نموونەهێنانەوە وەک درکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ واتا دەگەیەنێت هاوشێوەییان هەیە؛ بەتایبەت لە درکەی ڕەمزاویدا وێکچوون؛ بەڵام لە بنەمادا مەبەست لە کەڵک‌وەرگرتن لە درکە و نموونەهێنانەوە بە تەواوی جیاوازییان هەیە. لە زۆر شوێندا درکە، وێکچوویی لەگەڵ خوازە و بە تایبەت خواستنی لێکدراودا هەیە؛ ئەم وێکچوویییە بە ڕادەیەکە هەرچەند پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ درکە، خوازە و خواستن هەیە، بەڵام دیسان لە نێوان پسپۆڕانی ڕەوانبێژیی ئەدەبیدا لەسەر ئەم بابەتانە بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە.

www.SID.ir

Archive of SID

پێناسەکانی کۆن و نوێی ڕازەی درکە تا ڕادەیەک هاوشێوە و لەیەک نزیکن؛ بەڵام بەشێک لەم پێناسانە زۆر گشتین و ناکرێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت. گرووپێک لە زانایانی زانستی ڕوونبێژی تەنانەت سەرنجی وردەکارییەکانیشیان داوە؛ وەک شەمیسا کە لە پێناسەی ڕازەی درکەدا دەڵێت: «سەرنجدان بە درکە لە شێوازناسیدا زۆر گرنگە. تەنیا ئەو تاکانەی دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەسەر زمانێکدا هەیە، دەتوانن کەڵک لەم ڕازەیە وەرگرن». بەپێی پێناسەی شەمیسا درکە بریتییە لە دەستەوشە یان ڕستە (شمیسا، ۱۳۸۷: ۲۷٤). ئەم پێناسەیە جێی ڕەخنەگرتنە؛ چونکە درکە تەنیا ڕستە و دەستەوشە نییە؛ بەڵکوو بە شێوەی وشەی تاک، یان لێکدراویش لە شیعر و پەخشاندا بەکار هاتووە. زۆرێک لە واتاکان ئەگەر بە شێوازی ئاسایی دەرببڕدرێن زۆر چێژبەخش نین و کارتێکەرییان لەسەر هەستی بەردەنگ نابێت و ڕەنگە دزێویش بە زەین بگات؛ بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە ڕازەی درکە دەکرێت واتاکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و کارتێکەر دەرببڕدرێن، بە جۆرێک هەستبزوێن بن و خوێنەر چێژی لێ‌وەرگرێت.

### ۳ــ۱ــ جیاوازیی درکە و خوازە

یەکەم، ئەوەی کە درکە بە هیچ شێوەیەک دژایەتی لەگەڵ حەقیقەتدا نییە و دەکرێت واتای ڕواڵەتی وتەش لە درکەدا ڕەچاو بکرێت. ئەم بۆچوونە هەڵە نییە؛ بۆ نموونە، لە لێکدانەوەی ئەو ڕستەیەدا: «ئاگر لەماڵیدا ناکرێتەوە». لە دونیای ڕاستەقینەدا ڕەنگە ماڵێک هەبێت، قەت ئاگری تێدا هەڵنەکرێت؛ بەڵام لە خوازەدا بەم شێوەیە نییە و واتای حەقیقی وتە بایەخی نییە. لە خوازەدا مەبەست لە دەربڕین، واتای ڕواڵەتیی بێژە نییە؛ بەڵکوو مەبەستی بێژەر لە دەربڕینی خوازە، واتای نهێنییە. دووهەم، لە خوازەدا نیشانەیەک هەیە خوێنەر لە ڕووی ئەو نیشانەیەوە تێدەگات مەبەستی بێژەر لە وشە، یان ڕستە، واتای ڕواڵەتی نییە؛ بەڵام لە درکەدا نیشانەیەک نییە کە خوێنەر بۆ واتای سەرەکی دەربڕین ڕێنوێنی بکات.

نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتیە     من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم

(نالی، ۱۳۸۷: ۳۰۸)

لەم دێڕەدا، مەبەستی سەرەکی شاعیر لە «عالەم» خەڵکی دونیایە و نێوی شوێنەکە لێخواستراوە کە «عالەم»ـە بۆ ئەو مرۆڤانەی تێیدا دەژین. پەیوەندی نێوان هەر دوو واتای دەربڕین، پەیوەندی شوێنییە؛ بەڵام لە ڕازەی درکەدا نیشانەیەک نییە خوێنەر بۆ واتای نهێنی دەربڕین کە مەبەستی سەرەکیی شاعیرە، ڕێنوێنی بکات.

سەبارەت بە جیاوازیی درکە و خوازە، دەبێ ئەو بابەتەش بڵێین کە درکە زیاتر لە فولکلۆرەوە هەڵقوڵاوە. بە واتایەکی تر، درکە زیاتر لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا ڕسکاوە و پاشان شاعیر لە دەقە ئەدەبییەکاندا بەکاری دێنێت؛ بەڵام خوازە لە زەین و زمانی شاعیرەوە چرۆ دەکات. درکە زۆرجاریش لە شیعری شاعیراندا، کەرەستەیەک بووە بۆ دەربڕینی واتایەک کە دەرەتانی درکاندنی ڕاستەوخۆی نەبووە. توێژینەوە لەسەر شێوازی چۆنیەتیی بەکارهێنان و شوێنی سەرهەڵدانی درکە لە شیعری شاعیراندا، توێژەر بەرەو ڕەگ و بنجی لە ئەدەبی فولکلۆر دەباتەوە؛ بەڵام خوازە لە هەرێمی شیعرەوە و لە ڕێگەی زەینی وێنەسازی شاعیر دێتە ئافراندن و لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا برەوی دەبێت. بەکورتی، ڕەوتی جووڵەی ڕازەی خوازە لە شاعیرەوە بەرەو خەڵکە؛ بەڵام ڕەوتی جووڵەی ڕازەی درکە لە خەڵکەوە بەرەو شاعیرە.

### ۳ــ۲ــ جیاوازیی درکە و خواستن

تایبەتمەندی سەرەکیی درکە، لێڵی واتاییە؛ ئەو تایبەتمەندییەش بەو هۆیەوەیە کە واتای درکە داڕێژراو نییە. واتای هەندێک درکە ئەوەندە لێڵە، تەنیا بە بەهرەوەرگرتن لە وشەدان واتایان بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە؛ بەو هۆیەشەوە لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکاندا وشەدانی تایبەت بە درکە هەیە. بەڵام واتای خواستن زۆر جیاوازی لەگەڵ واتای بنجی نییە و ئەوەندەش لێڵ نییە کە تێگەیشتن لە واتای سەرەکی ئاستەم بێت، یان پێویست بە وشەدانی تایبەت هەبێت (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۳).

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳ـ۳ـ جیاوازیی درکە و خواستنی لێکدراو

جیاوازیی درکە و خواستنی لێکدراو لەو خاڵەدایە کە خواستنی لێکدراو جۆرێک خوازەیە و لە دێڕێکدا کە خواستنی لێکدراو هەبێت، نیشانەیەک هەیە کە سەرنجی خوێنەر بۆ واتای ڕاستەقینە ڕابکێشێت و دەربڕی ئەم بابەتە بێت کە دەستەوشە یان ڕستە لە واتای بنجیدا بەکار نەهاتووە. بەڵام لە درکەدا ئەو نیشانەیە نییە کە دەربڕی واتای نهێنی بێت؛ بۆ نموونە، لەو درکەیەدا: «فوو لە دۆ نەکردن»، هیچ نیشانەیەک نییە خوێنەر بزانێت مەبەست لە دەربڕینی ئەو ڕستەیە، واتای نهێنییە (شمیسا، ۱۳۸۷: ۲۸۸).

### ۳ـ٤ـ جیاوازیی درکە و پەند

۱. درکە دەتوانێت لێمایەک (مدخل) لە وشەدان بێت؛ بەڵام پەند ئەو تایبەتمەندییەی نییە (انوری، ۱۳۸۳: ۱۲).

۲. درکە زۆرجار فۆرمی چاوگی هەیە و دەتوانێت ببێتە ڕستەیەک؛ بۆ نموونە، درکەی «دڵ ڕاگرتن» واتای درکاوەکەی بریتییە لە: دڵ نەشکاندن. ئەو درکەیە دەکرێت بە شێوەی ڕستە بنووسرێتەوە. بەڵام پەند، ڕستەیەکە دەتوانێت ببێتە چاوگ؛ بۆ نموونە، «لە ئاش دواکەوتووە، لە ڕێگا پەلە دەکات»، دەکرێت شێوازی چاوگ بنووسرێتەوە؛ بەو شێوەیە: لە ئاش دواکەوتن، لە ڕێگا پەلەکردن. شایانی باسە ئەو جۆرە گۆڕانە بەو واتایە نییە هەر پەندێک دەکرێت ببێتە چاوگ.

۳. درکەکان لایەنی ئامۆژگارییان نییە و بۆ یەک واتا دەخواسترێن؛ بەڵام پەند لایەنی ئامۆژگاری و بەڵگەهێنانەوەیان هەیە (پارسا، ۱۳۸٤: ۱۰-۱۱).

٤. لە پەندەکاندا زۆرجار وشە سەرەکییەکان واتای «خواستن»یان هەیە؛ بەڵام لە درکەدا وشە سەرەکییەکان واتای «خواستن» یان نییە.

۵. درکە لەسەر بنەمای خوازە دروست دەبێت؛ بەڵام پەند لەسەر بنەمای شوبهاندن (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۵).

### ۳ـ۵ـ پێناسەی درکە

۱. واتای خوازەیی و ناڕاستەقینەی هەیە؛
۲. لایەنی شوبهاندنی و خواستنی نییە؛
۳. بە لێمایەک لە وشەدان دەژمێردرێ؛
٤. لایەنی ئامۆژگاری و پەندی نییە؛
۵. برەوی هەیە؛
٦. کورتە؛
۷. دوو واتای دوور و نزیکی هەیە (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۵).

### ۳ـ٦ـ شوێنی سەرهەڵدانی درکە

شوێنی سەرهەڵدانی درکە، زمان و ئاخافتنی ئاسایی خەڵکە و لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا ڕۆڵی بووە و لە کات و شوێنی تایبەتدا بۆ گەیاندن و ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار هاتووە. درکە، ئاوێنەی کولتوور و دەرخەری ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەییە؛ دیاردەیەکە لە زمانی ئاخاوتندا و لای هەموو ئاخێوەرانی زمانی دایکی بایەخی هەیە و بەکار هاتووە و لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆی واتایەک کەڵکی لێوەرگیراوە؛ واتە مۆری کۆمەڵی پێوەیە و مانەوە و نەمانەوەی پەیوەندی بە بڕیاری کۆمەڵەوە هەیە. وردەوردە درکە هاتۆتە ناو زمانی ئەدەبی و هۆی دەوڵەمەندی و ئافراندنی شێوازێکی نوێ بۆ دەربڕین بووە. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە، هۆکاری سەرەکیی ڕەنگدانەوەی درکە لە ئەدەبیاتدا چییە؟ بۆچی بێژەر ناڕاستەوخۆ و بە شێوازێکی نادیار وتەکانی دەردەبڕێت؟ لە وەڵامدا دەکرێ بگوترێت: یەکەم هۆکار بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆی وتە، بەکارهێنانی شێوازی ڕەوانبێژییە کە هۆی کاریگەریی بەهێزتر و ڕەوانترکردنی وتەیە. دووهەم هۆکار، ئەوەیە کە زۆربوونی ڕازەی درکە لە بەرهەمەکانی ئەدەبی سەردەمێکدا ترس، شەرم، دڵەڕاوکەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی واتاکان دەگەیەنێت.

www.SID.ir

Archive of SID

زۆرجار درکە لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار هاتووە. درکەکانی گشتی، واتە ئەو درکانەی لە لایەن خەڵکەوە ئافرێنراون، زیاتر لە جۆری هێما و ئاماژەن (کزازی، ۱۳۸۹: ۱۷۲). زۆرێک لەم درکانە لە ئاکارە مرۆییەکان و لە فەرهەنگی خەڵکەوە هەڵقوڵاون و لە ڕوانگەی خەڵکناسییەوە شیاوی لێکدانەوەن. درکەکان سەرەتا و ئەنجامی خۆیان هەیە؛ بڕێک سەردەمین و لە داهاتوودا کارایی خۆیان لە دەست دەدەن. بەهۆی گۆڕانکاریی بارودۆخەکان، هەرجار درکەی نوێ دێتە ئاراوە. درکەی هەر سەردەمێکی مێژوویی و کولتووری، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و وەکوو ئاوێنەیەک تایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆی دەنوێنێ (ئەحمەدی، ۱۳۹۳: حەڤدە).

هەر چینێکی کۆمەڵگا زمانی نهێنیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ئەو زمانە نهێنییە پڕە لە ڕستە و درکەی تایبەت بەو چینە؛ بۆ نموونە، لە زمانی نهێنی شۆفیرەکاندا «پەنچەربوون»، واتای «نەخۆشکەوتن»ی هەیە؛ یان هەرکات بڵێین: «فلانی گریپاچی کردووە»، مەبەست «مردنی فلانکەس»ە. لە ڕابردوودا کە زێدەتر وڵاخی سواری کەرەستەی هاتوچۆ بووە، بۆ ئاماژە بە درەنگ‌هاتن، دەگوترا «فلانی ئەسپەکەی، یان کەرەکەی لە قوڕ چەقیوە»؛ بەڵام دوای هاتنی سەیارە ئەو درکەیە بوو بە پەنچەربوون و جێی درکەی لە قوڕچەقینی گرتەوە و دەگوترێ «فلانی پەنچەر بووە». هەڵبەت ئێستا کە دونیای کۆمپیوتەر و دیجیتاڵە، دەگوترێ: «فلانی هەنگی کردووە» و بڕێ شتی تری لەو جۆرە. لە ڕاستیدا درکەکان کۆمەڵێک دابونەریتیان لە خۆدا حەشار داوە کە لە سەردەمێکی تایبەتدا بەکار هاتوون و بۆ دەربڕینی واتا نهێنییەکان کەڵکیان لێ‌وەرگیراوە (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۶).

### ۳ـ۷ـ بنەڕەتەکانی درکە

### ۳ـ۷ـ۱ـ دەربڕینی درکاو

ئەو بێژەیەی بە هۆیەوە درکە دروست دەبێت؛ واتە ئەو وشانەی لە دەربڕیندا بەکار هاتوون، دوو واتایان هەیە؛ یەکەم، واتای ڕواڵەتی و دووهەم، واتای نهێنی، یان درکاو.

### ۳ـ۷ـ۲ـ واتای درکاو

مەبەست لە واتای درکاو، ئەو واتایەیە کە لە دەربڕینە درکاوەکەدا دیاری دەبێت؛ واتە ئەو واتایەی مەبەستی بێژەرە لە دەربڕینی، وتەی نهێنی و نادیارە. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بنەڕەتە پەیوەندییەکی پێویستی و پێویستراوییە. دەربڕینی درکاو پێویستراوە بۆ واتای درکاو، واتای درکاویش پێویستە بۆ دەربڕینی درکاو (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۷).

لەوەی دواوە، دەبێ قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵێ     هەموو ڕۆژێ هەتا ئێوارێ بچتە جووت و جۆماڵێ

(هێمن، ۲۰۱۱: ۱۰۰)

لەم دێڕەدا، درکە لە سارستەی «قۆڵ لێ‌هەڵماڵین»دا دەردەکەوێت. ئەم سارستەیە دەربڕینی درکاوە، واتای حەقیقی خۆی هەیە؛ بەڵام واتا نهێنییەکەی کە واتای درکاوە، بریتییە لە: خۆسازکردن بۆ کردنی کارێک.

### ۳ـ ۸ـ جۆرەکانی درکە

### ۳ـ۸ـ۱ـ درکە لە بەرئاوەڵناو «وەسفکراو، ناو»

بابەت، یان واتایەک مەبەست و واتای درکاوەکەی، ناوی وەسفکراوە و خودی درکە ئاوەڵناو، یان کۆمەڵێک ئاوەڵناو، یان ڕستەیەکە لە ڕووی ئەوانەوە بەرئاوەڵناوێکی دیکە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە. لە درکەی بەرئاوەڵناودا خوێنەر بە دیتنەوەی بەرئاوەڵناو بە ئاوەڵناوە درکاوەکان دەگات. بە واتایەکی تر، ئاوەڵناوێک دەربڕدرێت و ئەم ئاوەڵناوە ئاماژە بە بەرئاوەڵناوێکی تر بکات (قارەمانی، ۱۳۹۷: ۱۲۸).

www.SID.ir

Archive of SID

پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ          وەڕەز بێ لە ماڵەوماڵان

(هێمن، ٢٠١١: ٢٣١)

لەم دێڕەدا، «دڵتەڕ» ئاوەڵناوە و درکەیە لە وەسفکراو؛ واتە کەسێک حەز لە بەرگی ئاڵوواڵ و خۆڕازاندنەوە بکات «ئەو کەسە ناوێکە، ئاوەڵناوی دڵتەڕ وەسفی دەکات».

### ٣ــ ٨ ــ٢ــ درکە لە ئاوەڵناو

جۆرێک درکەیە کە دەربڕینی درکاو، ئاوەڵناوێکە مەبەستی سەرەکیی بێژەر لە دەربڕینی ئاوەڵناوێکی ترە (واتای درکاو).

عیشق کردمی بێخانومان، بێملکوماڵی عیشقم ئەز          تاقەت نەما لاڵ بوو زبان، قامەت هیلالی عیشقم ئەز

(ئەحمەدی کۆر، ١٣٩٠: ١٣٣)

لەم دێڕەدا، «بێخانومان» ئاوەڵناوە و درکەیە لە ئاوەڵناوێکی دیکە، کە بریتییە لە «هەژار و ماڵوێران»، واتای درکاو.

پەژارەی نەبێ بۆ بێدەسەڵات          هەرگیز نەبەخشێ بە هەژار خەڵات

(قانع، ١٣٨٤: ٤٨٦)

لەم دێڕەدا، «بێدەسەڵات» ئاوەڵناوە و درکەیە لە ئاوەڵناوی «کەم هێزبوون»، کە واتای درکاوە.

### ٣ــ ٨ ــ٣ ــ درکە لە کار

لە دێڕێک، یان ڕستەیەکدا کار، چاوگ، یان دەستەوشەیەک ببێتە درکە بۆ کار، چاوگ، ڕستە، یان دەستەوشەیەکی دیکە. ئەم جۆرە درکەیە باوترین جۆری بەکارهێنانی درکەیە.

موژەی خوێنێ دەکا هەر لەحزە، سەیرە          ئەمەندە گوڵ لەبن یەک نووکە خارا

(مەحوی، ١٣٨٧: ٤٢)

لەم دێڕەدا، «خوێنکردن» درکەیە لە جۆری کار و واتای درکاوەکەی «کوشتن»ە.

### ٣ــ٩ــ جۆرەکانی درکە لە ڕووی ژمارەی وشەوە

### ٣ــ٩ــ١ــ درکەی یەک وشەیی

ئەم جۆرە درکەیە لە یەک وشە پێکهاتووە؛ وەک «ئاگربەس» کە درکەیە لە وەستانی شەڕ و ناکۆکی نێوان دوو کەس، یان دوو دەسەڵات.

ساقیا! بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟          تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟

(هێمن، ٢٠١١: ٢٧٨)

لەم دێڕەدا، «ملهوڕ» درکەیەکی یەک وشەییە و واتای درکاوەکەی «بێئاوەز و زۆردار»ە.

ئابڕووڕێژە ویسالی یار و خوێنڕێژە فیراق          عالەمی عیشق و مەحەببەت هەر بڕێژە، هەر بڕێژ

(مەحوی، ١٣٨٧: ١٨٣)

لەم دێڕەدا، «خوێنڕێژ» درکەیەکی یەک وشەییە و واتای درکاوەکەی «پیاوکوژ»ە.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳ــ۹ــ۲ــ درکەی دوو وشەیی

ئەم جۆرە درکەیە لە دوو وشە پێکهاتووە؛ وەک «ئاگری دڵ» کە واتای درکاوەکەی «خەم و کەسەر»ە.

ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاودەردین        هەر دوو گرفتار یەک ئاهی سەردین

(بێکەس، ۱۳۹۰: ۱۸۳)

لەم دێڕەدا، «ئاهی سەرد» درکەیەکی دوو وشەییە و واتای درکاوەکەی: «خەم و کەسەر» ـە.

### ۳ــ۹ــ۳ــ درکەی دەستەوشە

درکەیەکە زیاتر لە دوو وشە پێکهاتووە.

دەزانی بۆ تەرازووی زوڵفی سەر ناکا لە هیچ لاوە؟        بە پارسەنگی حەیا دەستی لە میزانا دەبزوێنێ

(حەریق، ۱۳۹٦: ۱۸۹)

لەم دێڕەدا، «تەرازوو سەرنەکردن» درکەی دەستە وشەییە، واتای درکاوەکەی «هاوسەنگبوون»ـە.

### ۳ــ۹ــ٤ــ درکەی ڕستە

ئەم جۆرە درکەیە لە ڕستەیەک پێکهاتووە؛ وەک «پێ لەسەر تاقی مەهـ و ئەیوانی کەیوان دانیان»، کە درکەیە لە «سەربەرز و سەرکەوتوو بوون».

هەقی نوێژێ لە ڕووتی وا ئەسێنی        کە ئاگر پێوەنێی لێی نایە بۆسۆ

(هێدی، ۲۰۱٦: ۳۳۰)

لەم دێڕەدا، «بۆسۆ لێنەهاتن» درکەی ڕستەیە، واتای درکاوی، «زۆر ڕووت و هەژار بوون»ـە.

### ۳ــ۱۰ــ درکەی گشتی

درکەیەکە بە تێپەڕینی ڕۆژگار خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا بە بۆنە و مەبەستی جۆراوجۆرەوە ئافراندوویانە، بێ ئەوەی مۆری کەسی هەبێت و بە ناوی کەسێکەوە ناسراو بێت؛ بۆ نموونە، زۆرجار لە ئاخافتنی ئاساییدا بە کەسێک کە زۆر بێدەنگ و هیچنەوێژ و فەقیرحاڵە، دەڵێن: «مێشی لەبەر دەم هەڵنافڕێت». ئەم جۆرە درکەیە، درکەی گشتییە.

قوڕی کوێ کەم بە سەر خۆما لە غوربەت        خەوم نایێ لە داخی موڵک و میللەت

(حاجی، ۱۳۹۰: ۲۲۷)

لەم دێڕەدا، دەربڕینی درکاو: «قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما». واتای درکاو: چی بکەم. ئەو درکەیە، درکەیەکی گشتییە و لە کاتی خۆیدا زۆربەی تاکی کۆمەڵگا سوودی لێ وەردەگرن.

### ۳ ــ۱۱ــ درکەی تایبەتی

لە لایەن کەسێکی تایبەت وەک شاعیر، یان نووسەرەوە دێتە بەرهەم و لە ڕووی بەکارهێنانەوە تایبەت بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایە، واتە لە دیوانی شاعیران، یان دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەهۆی ئەوەی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا ئافرێنراوە، بە درکەی تایبەتی ناسراوە و بایەخی ئەدەبیی هەیە و ڕازاوەیی بە شیعر، یان دەقی ئەدەبی دەبەخشێت.

لە وەختێکی بە عیشقت سەربڵێندم        تەمم لێ نارەوێ هەر وەک دەماوەند

(ئەدەب، ۱۳۸۱: ٤٦)

لەم دێڕەدا، دەربڕینی درکاو «تەم ڕەوانەوە»یە. واتای درکاو بریتییە لە «خەم و کەسەر نەمان». ئەو درکەیە لە جۆری درکەی تایبەتییە.

www.SID.ir

Archive of SID

### ٣ــ١٢ــ جۆره‌کانی تری درکه

### ٣ــ١٢ــ١ــ درکه‌ی توانج

به واتای تانه‌لێدان و پلارتێگرتنه؛ واته ئاماژه کردن به لایه‌ک و خواستنی لایه‌کی دیکه؛ بۆ نموونه، به توانج به که‌سێک که که‌سێکی تر په‌سن بکات و پێی هه‌ڵبڵێت، به‌ڵام به پێچه‌وانه‌وه له‌به‌ر چاوی خه‌ڵک وا نه‌بێت و شیاوی ئه‌و جۆره تاریفانه نه‌بێت، ده‌ڵێن: قانگی بۆ بسووتێنه. به واتایکی تر، له‌م جۆره درکه‌یه‌دا مه‌به‌ست گه‌یاندنی واتای پێچه‌وانه‌ی وته‌ی ده‌ربڕینه؛ بۆ نموونه به که‌سێک که نه‌فامه بڵێین «عاقڵ». درکه‌ی توانج له زۆرینه‌ی نموونه‌کانیدا وشه، یان وته‌یه‌کی به ڕواڵه‌ت په‌سن و به مانا توانجه.

به چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و خرخاڵ     ئیتر ته‌فره نه‌خۆم وه‌ک نانی‌نانی

(زێوەر، ١٩٨٩ : ١٩٦)

له‌م دێڕه‌دا، «نانی‌نانی» درکه‌ی ئاوه‌ڵناوه و لێره‌دا له جۆری توانجه و به که‌سێک که بۆ نان، هاوڕێی که‌سێکی دیکه بێت، به ته‌شه‌ر «نانی‌نانی» پێ‌ده‌ڵێن.

### ٣ــ١٢ــ٢ــ درکه‌ی هێما

درکه‌یه‌ک نێونجییه‌کانی (واسطه‌ها) نێوان واتای دوور و نزیک که‌م بێت و واتای درکه زوو ده‌رکه‌وێت. له درکه‌ی هێمادا، زۆر به سانایی له نێوان واتای نزیک و دوور، واتای درکه ڕوون ده‌بێته‌وه. له زمانی ئاخافتندا درکه‌ی هێما زۆر باوه و بۆ گه‌یاندنی په‌یام به شێوه‌ی ناڕاسته‌وخۆ به‌کار هاتووه؛ بۆ نموونه، درکه‌ی «قۆڵ هه‌ڵماڵین» به واتای سازبوون بۆ ئه‌نجامدانی ئیشێکه، یان درکه‌ی «ددان تیژکردن» به واتای ته‌ماح تێ‌به‌ستنه.

که‌س نه‌کا مه‌نعی گوڵم، گه‌رچی دڵی کردوومه خوێن     چونکه مه‌علوومه که ئیشی خونچه هه‌ر خوێن‌خوارییه

(نالی، ١٣٨٧: ٥٨٩)

له‌م دێڕه‌دا، «دڵ خوێن‌کردن» درکه‌یه له دڵ بریندار‌بوون، یان زۆر خه‌مگین بوون. ئه‌م درکه‌یه له جۆری هێمایه و واسیته‌کانی نێوان واتای نزیک و دوور که‌مه و واتای درکاو و ده‌ربڕینی درکاو بۆ خوێنه‌ر ڕوون و ئاشکرایه.

### ٣ــ١٢ــ٣ــ درکه‌ی شاراوه[1]

درکه‌یه‌که به‌هۆی زۆر بوونی نێونجییه‌کانی نێوان واتای نزیک و دوور، تا ڕاده‌یه‌ک تێگه‌یشتن و دیتنه‌وه‌ی واتای درکه بۆ خوێنه‌ر ئاسته‌م بێت؛ به جۆرێک که خوێنه‌ر له واتای نزیکه‌وه واتای دووری بۆ ڕوون نه‌بێته‌وه و ده‌رخستنی مه‌به‌ستی شاعیر له ده‌ربڕینی درکه پێویستی به وردبوونه‌وه بێت؛ بۆ نموونه، به که‌سێکی زۆر دڵاوا ده‌ڵێن: به‌رخه‌که‌ی کزه؛ واته ئه‌وه‌نده به‌خشه‌نده‌یه که له مه‌ڕه‌که‌ی شیر زۆر ده‌دۆشێ و ناهێڵێ به‌رخه‌که‌ی بیخوات، بۆیه به‌رخه‌که‌ی کزه (په‌رهیزی، ١٣٨٥ :٨٢).

بولبولی ته‌بعم ئه‌وا دیسان سه‌ناخوانی ده‌کا     نوکته‌سه‌نجی و به‌زله‌گۆیی و عه‌نبه‌رئه‌فشانی ده‌کا

(نالی، ١٣٨٧: ٩٧)

له‌م دێڕه‌دا، «عه‌نبه‌رئه‌فشانی» درکه‌ی شاراوه‌یه له وته‌ی نه‌سته‌ق و شیعری بێ‌وێنه هۆنینه‌وه.

---

١. تلویح

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳ــ۱۲ــ٤ــ درکەی ڕەمزاوی

درکەیەکە خوێنەر بە سانایی واتای درکاوی بۆ ڕوون نەبێتەوە، واتە نێونجییەکانی نێوان واتای دوور و نزیک زۆر نییە؛ بەڵام واتای درکاو زۆریش ڕوون نییە. بە واتایەکی تر، لە درکەی ڕەمزاویدا نە تەنیا بە سانایی واتای درکاو ڕوون نابێتەوە، بەڵکوو دروستتر ئەوەیە بڵێین نادۆزرێتەوە و نێونجییەکانی ون بووە و لە بیرچۆتەوە و ئەمڕۆ کەس نایانزانێ؛ بۆیە «ڕەمزاوی»ی پێ‌دەڵێن.

دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە        جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

(نالی، ۱۳۸۷: ۳۹۵)

لەم دێڕەدا، «دەستشکاوبوون» درکەی ڕەمزاوییە؛ واتای درکاو بریتییە لە: تووشی خەسار و زیان بوون.

### ٤ ــ ئەنجام

هۆکاری سەرهەڵدانی درکە لە ئەدەبیاتدا، بە تایبەت لە شیعری کلاسیکدا، ئەوەیە کە ئەو واتایەی لە ڕێگەی درکەوە دەردەبڕدرێت، کاریگەرتر و ڕەوانترە لەو واتایەی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەگەیەندرێت. سوودوەرگرتن لە درکە ئەو دەرفەتە بە بێژەر دەبەخشێت تا زۆر واتا کە لە باری ئاساییدا بە هۆی شەرم، ترس و دڵەڕاوکێ، یان هەر هۆیەکی دیکەوە شیاوی درکاندن نەبن؛ دەرببڕدرێت و ئەو واتایەی لە زەینیدایە بە شێوازێکی کارتێکەر و جوان بیڵێت. سوودوەرگرتن لە درکە هۆی کورتکردنەوەی زمان لە شیعردایە. زۆرێک لە واتاکان ڕەنگە ئەگەر بە شێوازی ئاسایی دەرببڕدرێن، زۆر کارتێکەر نەبن. لە باری جوانیناسییەوە، درکە واتا نهێنییەکان لە وێنەی جوان و ڕازاوەدا ئاراستە دەکات و ئەم دیاردەیەش لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبییەوە سەرچاوە دەگرێت کە واتاکان بە مەبەستی جیاواز و بە شێوازی ئەدەبی وێنا دەکات و هەست و سۆزی خوێنەر دەجووڵێنێت. درکە لە وێنەی جۆراوجۆردا ڕاستەقینە بە بەڵگەوە بە خوێنەر نیشان دەدات و ئەم شێوازە بایەخ بە واتا دەدات؛ بەڵام لە دەربڕینی ڕاستەوخۆدا واتاکان ئەو چێژە بە خوێنەر نابەخشن. دیتنەوەی واتای درکاو هەستێکی خۆش بە خوێنەر دەبەخشێت.

بەشێک لەو درکانەی لە کۆندا لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بەکار هاتوون، بەهۆی گۆڕانکاریی بارودۆخە جیاوازەکانەوە هێندێک تۆزی لەبیرچوونەوەیان لەسەر نیشتووە و بەشێکیشیان هەنووکە هەر بەکار دێت و لە دەربڕینە ئاساییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە بۆنە جیاوازەکان و تەنانەت لە جۆرە ئەدەبییەکانیشدا ڕۆڵیان هەیە. درکە لە ئەدەبی کوردیدا بە پێکهاتەی جۆراوجۆر و جیاوازەوە لە لایەن شاعیرانەوە بەکار هاتووە؛ زۆرجار بە شێوەی وشەیەکی ساکار، دەستەوشە، یان لە فۆرمی کار، یان دەربڕین، یان ڕستە لە شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. بە تێڕامان لە وشەکانی درکاو دەردەکەوێت درکە لە وشەگەلێکدا دەئافرێنرێت کە بە جۆرێک پەیوەندی لە نێوان واتای درکاو و وشەی درکاودا هەبێت.

www.SID.ir

Archive of SID

**سەرچاوەکان**

کوردی


ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلی، مەلا خدر (نالی) (١٣٨٧). *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی پێنجەم، سنە: کوردستان.

ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٩٣). *زێوەری زمان. فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەکانی کوردی سۆرانی*. سنە: کالج.

ئەحمەد ئەسوەد، نەوزاد (٢٠١٠). *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*. تاران: ناوەندی غەزەلنووس.

ئەدەب، عەبدوڵڵابەگ (مصباح الدیوان) (١٣٨١). *دیوانی ئەدەب*. شەرح و لێکدانەوەی محەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ). ورمێ: سەلاحەدین ئەیووبی.

باڵخی، مەلا محەممەد (مەحوی) (١٣٨٧). *دیوانی مەحوی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و محەممەد مەلا کەریم. چاپی پێنجەم، سنە: کوردستان.

بێکەس، فایق (١٣٩٠). *دیوانی بێکەس*. کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا. سنە: کوردستان.

پەرهیزی، عەبدولخالق (١٣٨٥). *بەیانی کوردی*. سەردەشت: نەفیس.

حەریق، مەلا ساڵح (١٣٩٦). *دیوانی حەریق*. لێکۆڵینەوەی نەجمەدین ئەنیسی. سەقز: محەممەدی.

حیسامی، خالید (هێدی) (٢٠١٦). *کاروانی خەیاڵ و ئاوێنەی شکاو*. چاپی دووهەم، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩). *شیعری ناوچەی موکریان*. سلێمانی: ڕەنج.

ڕەشیدی، مەلامستەفا (١٣٩٠). *ئەحمەدی کۆر و زانایانی عەمبار*. تاران: کۆڵەپشتی.

زێوەر، مەحموود (١٩٨٩). *دیوانی بەختیار زێوەر*. بەغداد: الزمان.

سابڵاخی، میرزا عەبدوڕڕەحیم (وەفایی) (١٣٨٩). *دیوانی وەفایی*. کۆکردنەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی، لێکدانەوەی محەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ). سنە: کوردستان.

شەرەفکەندی، عەبدوڕڕحمان (هەژار) (٢٠١٠). *وەرگێڕانی مەم و زین*، نووسیار: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، سلێمانی: ئازادی.

شێخولئیسلامی موکری، محەممەد ئەمین (هێمن) (٢٠٠٨). *دیوانی هێمن*. سلێمانی: ئازادی.

قارەمانی، جەعفەر (١٣٩٧). *زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی، بەشی دووهەم ڕوونبێژی*. سنە: زانستگای کوردستان.

کۆیی، حاجی قادر (١٣٩٠). *دیوانی شیعر*. لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا. سنە: کوردستان.

محەممەد، قانع (١٣٨٤). *دیوانی قانع*. کۆکردنەوەی بورهان قانع. چاپی پێنجەم، تاران: پانیذ.


فارسی


انوری، حسن (١٣٨٣). *فرهنگ کنایات سخن*. ج ١ و ٢. تهران: سخن.

پارسا، احمد (١٣٨٤). «مثل‌ها از نگاهی نو»، *رشد آموزش زبان و ادب فارسی*، ش. ٧٥، دوره ١٩، صص. ٤-١٧.

پورنامداریان، تقی (١٣٨١). *سفر در مه*. ویراست جدید. تهران: نگاه.

زرین‌کوب، حمید (١٣٦٧). مجموعه *مقالات*. ج ١. تهران: علمی و معین.

١٣٦٤

شمیسا، سیروس (١٣٨٧). *بیان*. چاپ سوم از ویرایش سوم، تهران: میترا.

ـــ (١٣٨٦). *معانی*. چاپ نخست از ویرایش دوم، تهران: میترا.


www.SID.ir